وەزیری دارایی: حکومەت بەردەوام بێت لە چاکسازییەکانی پێویست بە سیاسەتی دارایی

وەزیری دارایی تایف سامی محەمەد ئیرادەی حکومەتی پشتڕاستکردەوە بە بەردەوامبوون لە سەر ئەنجامدانی چاکسازییەکانی پێویست بە سیاسەتە داراییەکان.

وەزارەتی دارایی لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە" وەزیری دارایی، تایف سامی محمد، پشوازی لە وینستن کۆل، بەڕێوەبەری پرۆژەی بەڕێوەبردنی دارایی لە بانکی نێودەوڵەتی و شاندی یاوەری کرد، لە میانی کۆبوونەوەکدا لایەنەکانی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و عێراق و بانکی نێودەوڵەتی تاوتووکران، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی بەرنامەی هاوکاریی هەنووکەیی بە تەواوکردنی جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییە ئابووریانەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێسندکراون.

هەروەها وەزیری دارایی پێزانینی بە ئەو هاوبەشییە بەرهەمداری نێوان هەردوولا دەربڕیوە، وجەختیشی لەپەرەشی حکومەتی عێراق بە بەردەوامبوون لەسەر ئەم هاوبەشییە کردەوە، وئاماژەی بەو کێشوهەوا ئەرێنییەیدا کە بە هەموو وەبەرهێنەران و بازاڕە داراییە جیهانییەکان دابین دەکات سەبارەت بە ئابووری عێراق.

لە هەمان کاتدا جەختی لەئیرادەی حکومەتی عێراق کرد بە بەردەوامبوون لەسەر چاکسازییە پێکهاتەییەکانی پێیوەست بە سیاسەتی دارایی و دراو و زیاترکردنی ییی کەرتی تایبەت لە گەشەپێدان. لەلای خۆیەوە کەل جەختی لە ئاواتی بانکی نێودەوەتی بە درێژدان بە پێیوەندییە هاوبەش جیاوازەکان لەگەڵ عێراق و پاڵپشتیکردنی بە چاکسازییە ئابووریییەکانی کردەوە، وستایشی ئەدای ئابووری عێراق و ئەو نەرمی و خۆاگرییەی لە بەرامبەر کاردانەوەی نەرێنی کە لە ئەنجامی هەڵاوسانی ئابووری جیهانییەوە دروست دەبێت کرد.

ئاماژەی بەوەشکرد کەبانکەکە بەردەوام لە بەهێزکردنی کاری هاوبەش لەگەڵ حکومەتی عێراق بە باشترکردنی پەوەر گشتییەکانی ئابووری و قووکردنەوەی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت و تەواوکردنی کارە بەردەوامەکانی پەرەپێدان.